# پەندی زەمان هەڵەبجەیە



هەڵەبجە شەهیدی مێژووە

ژانی زیندووی کوردستانە

هەڵەبجە بارەگای قوربانیە

ڕۆژێکی بەرزی بێ شەوانی پێوەیە

یەخەی ئاسمانی دوکەڵاوی دادڕی

چاوی بە میللەتانی خەوتوو هەڵبڕی

ئەم بارەگای ی  قوربانی یە !

ڕۆژێکی نوێ  جیهانی یە

ئەم شارە کەوا کەوتووە نەمردووە

زەوی کوردستانەکەی بەسنگ گرتووە

هەڵەبجە سەرانسەری بڕیاری وایە

تێکەڵ بە خاکەکەی بێ هەتا هەتایە

ئەم خاکە ئەو گیانانەیە ئەژیێتەوە

ئاگرێکی گڕکانە ناکوژێتەوە

کەتنی زەمان هەڵەبجەیە

**پەندی ژیان هەڵەبجەیە**

**راستە کەوا ئەم دوو کەڵی کیمیایی یە**

**چەکی سەمکارێکی لە خۆبایی یە**

**بەلاّم .... !**

**ئەبێ بزانی هەرچی مەشخەڵە**

**گرێکە نابێ بڵێ ی بەبێ دوکەڵە**

**هەڵەبجە مەشخەلاٌنی هەموو دونیایە**

**ئازادی کوردستانی لەباوە شدایە**

**کاتێ  کە کوردەکەم ئەنفالی لێ کرا**

**سەدان هەزار کەسی لێ لەناوبرا**

**دێهات و شاری نەما ..**

**کەسێ نەیپرسی بۆ .. ؟**

**کەس بەفریای نەکەوت**

**کەس نەهاتە گۆ  !**

**نازانم .. لە کێوە دەرباز ببم**

**نازانم ... بۆ کێ هاوار بکەم**

**نازانم ... چیتان بۆ بگێرمەوە**

**لەم تاریکستانی هەڵبجەیەدا**

**ئێستاکە بوو بە مێژوو دەنگی بڕ ئەکا**

**نەك گوێ ی  مرۆڤی زەوی دونیا پڕ ئەکا**

**بریندارەکان .. لەش سووتاوەکان**

**دەناڵێنن لەژێر باری  ئاسەوارەکان**

**رۆژانە ژیانیان دەرمان خواردنە**

**هەر  ئان و ساتێكیان مردنە**

**كەسیش بە ئاگا نیە لێ یان**

**هۆ .. پەپوولە جوانەكانی هەڵەبجە**

**چاوە زیت و گەشەكانت لێك نرا**

**حەزو ئارەزووەكانتان ژێر گڵ نرا**

**كەتنی زەمان هەڵەبجەیە**

**پەندی ژیان هەڵەبجەیە**

ســــاردین ــ ســوید
Sardeen1997@hotmail.com